# ڕاستکردنەوە ژمارە سفر سەبارەت بە ڕاپۆرتێك و... هەڵوێستێك

کوردستاننێت لە ڕۆژی ٢٠-٤-٢٠٠٢ دا ڕاپۆرتێکی پڕ لە تۆمەت و ناڕاستی بەڕێز (عەباس شوان) ی بڵاوکردەوە، سەبارەت بە چالاکییەکانی (ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردی) لە فنلەند لە یادی ئەنفالدا.

ئەم ڕاپۆرتە، هەر لە نلونیشانەکەیەوە {ئەنفال گەیشتە (Finlad) یش} تا دووایین دێڕی بە هەر مەبەستێك نووسرابێت، بە مەبەستی خزمەتکردن بە باری ڕۆشنبیریی کوردی نەنووسراوە.

بەداخەوە لەم ڕاپۆرتەدا چەندین بابەت بە سەرەوخواری باسکراوە و وتەکانی بەشداران قرتێنراوە و گۆڕراوە و یاری بە وشە کراوە و ڕکەبەرێی تایبەتی دەرکەوتووە و هەوڵی دووبەرەکی خستنەوەش دراوە. ئێمە لێرەدا نامەنەوێت ئەم بابەتانە ڕوون بکەینەوە و ڕاست بکەینەوە، بەڵکو تەنها ئەو بابەتانە ڕاست دەکەینەوە کەڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کارەکانی (ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردی)یەوە هەیە. ئەم نووسینەی ئێمەش زیاتر ڕوونکردنەوەی بەرنامە و بۆچوونی (ناوەند)ە وەك لەوەی وەڵام بێت بە کاك عەباس.

کاك عەباس نووسیویەتی: خەسرەو پیربال، بە بێ ئەوەی لە دەلیلەکەدا ناوی هاتبێت ، نەزانرا چۆن وا بە پەلە پرۆژێ خۆی خزاندە ناو هێڵەوە.

زۆر بە کورتی دەڵێین ئەو بەرنامەیەی پێشتر بڵاوکرابووەوە چەند گۆڕانێکی بەسەردا هات ، لەوانە:

- ئامادەنەبوونی بەڕێز مەهدی خالید غەمباری شاعیر کە دەبووایە هۆنراوەیەکی درێژ (ÉÏÕÞ) بخوێنێتەوە، چونکە لەڕۆژی پێشتردا کەوتە نەخۆشخانەوە.
- بەشداریکردنی بەڕێز وریا مەزهەر بە چەند پارچە هۆنراوەیەك.
- بەشداریکردنی بەڕێز کاردۆ شێخۆ بە هۆنراوەیەك.
- کەمانجەژەن گۆڤەند قادر لەبەر کاروباری تایبەتی پێی نەکرا ئامادەبێت.
- بەشداریکردنی بەڕێز خەسرۆ پیربالٚ بە پێشکەشکردنی باسێك.
- بەشداریکردنی بەڕێز یوسف ئەبولفەوز بە باسێك لەسەر کتێبێکی خۆی بەناوی (مناڵانی ئەنفال).

پاش ئەم ڕوونکردنەوەیە لە خوێنەرانی بەڕێز دەپرسین: پێتان وایە کاك عەباس بۆچی باسی هیچ لەم گۆڕانکارییانەی نەکرد، بەڵام (خەسرۆ پیربالٚ) ی بەمجۆرە زەق کردەوە؟

دیارە بەڕێز حەسەن زەکی بەڕێوەبەری کۆڕەکە لە سەرەتاشدا بەرنامەکەی خوێندەوە، کە ناوی (خەسرۆ پیربالٚ) یشی تێدابوو.

هەر بۆ زانینیش ئێمە هەرگیز پەیمان نادەین بەرنامەکانمان ١٠٠٪ وەك خۆی دەمێنێتەوە و گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، هیچ ڕێکخراوێکی تریش ئەم پەیمانەی پێنادرێت.

©KurdistanNet

كاك عەباس نووسیویەتی: ناوەند نیشانەیەکی پرسیاری لەسەرە کە ڕێکخراوەیەکی نزیك بە (kdp) ە. لەم کارەدا هەژموونی ئەوە پارتەی بە ئاشکرا خۆی دەنواند ، بەوەی ڕۆژنامەی برایەتی دابەش دەکرا و لەسەر مێز دانرابوو ،....

بەڕاستی کاك عەباس بەلگەیەکی زۆر بەهێزی دەستکەوتووە!!!........ براکەم ئێمە نە کەس دەپشکنین و نە ڕێ لە کەس دەگرین کە ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب بلاو بکاتەوە، بەلکو ئەوە ئاواتێکمانە. ئێمە ڕێکخراوێکی ڕۆشنبیریی سەربەخۆ و پێشکەوتنخوازین، بۆیە بە ڕاشکاوی دەیلێین: ئێمە ڕێ لە بلاوکردنەوەی هیچ بلاوکراوەیەك ناگرین، بەلکو داوا لە هەمووان دەکەین لە کاتی چالاکییەکاندا هەر بلاوکراوەیەکیان دەست دەکەوێت لەگەلْ خۆیاندا بیهێنن، ئیتر ئەوەی دەیهێنێت سەربەستە و ئەوەی نایشیهێنێت هەر سەربەستە. لە مەودووا مێزێکی تایبەتیش بە بلاوکراوەکان ئامادە دەکەین، بەپێچەوانەی نووسینەکەی کاك عەباس ئێمە وەك ناوەند تا ئێستا مێزی بلاوکراوەمان نەبووە تا ڕۆژنامەی لەسەر دابنێین، چونکە ئەمە یەکەم چالاکیمان بووە.

ئەم نیشانەی پرسیارەش لەسەر ناوەند، تەنها لە مێشکی کاك عەباسدا بوونی هەیە. لە ڕاستیدا کاك عەباس پێش لەدایکبوونی ئەم ڕێکخراوە ئەم نیشانەی پرسیارەی دانابوو، لەکاتێکدا ناوەند ژانی لەدایکبوونی دەچێشت کاك عەباس پڕوپاگەندەی ژاراوی لەمجۆرەی بلاودەکردەوە، بەلام خۆشحالانە دوو گوێی دەست نەکەوت بیبیستێ.

کاك عەباس نووسیویەتی: ئەوەی گومانی نەهێشت سالار سۆفی لەجیاتی بەرگری کردن لە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ، ماستاوی ساردکردەوە بۆ نوێنەرەکە گوایا ئەوە دیدی ناواند نییە! جا گەر ناوەند وا بڕوات هەر لە ئێستاوە فاتیحا بۆ گیانی پاکی.

هەر وەك وتمان ئێمە ڕێ لە بلاوکردنەوەی هیچ بلاوکراوەیەك ناگرین، هەر بەمجۆرەش ڕێ لە هیچ ڕاوبۆچونێك ناگرین. یەکێك لە کارەکانمان دروستکردنی دیالۆگە لەنێوان بیرورا جیاوازەکاندا. بەلام ناوەند بۆ ئەوە دروست نەبووە دژایەتی هیچ حیزب و لایەنێکی ڕامیاری بکات، گشت ئەندامانی ناوەند بە دەستەی بەڕێوەبەریشەوە وەك تاك ئازادن هەلوێستی جیاوازی خۆیان هەبێت. بەلام کە نوێنەرایەتی ناوەند دەکەن، دەبێت هەلوێستی ناوەندیان هەبێت. کاك(حەسەن زەکی) ش کە وەك نوێنەری ناوەند بەڕێوەبەری کۆڕەکە بوو، بۆیە قسەکانی وەك ڕای ڕەسمی ناوەند وەردەگیرا. پێویستە ئەوەش بلێین کە کاك حەسەن پێش ئەوەی قسەکانی بکات وتی: (منیش نۆرەیەکم بۆ خۆم گرتووە و لەنۆرەی خۆمدا قسە دەکەم)واتە وەك کەسێکی سەربەست قسەی کرد نەك وەك ناوەند. بەلام لەبەر ئەوەی برایانی پارتی بە هەلوێستی ناوەندی تێگەیشتن، سالار سۆفی سەرۆکی ناوەند هەر لەوێدا ڕوونیکردەوە کە ئەوە بۆچوونی کاك حەسەن خۆیەتی و بۆچونی ڕەسمی ناوەند نییە، کاك حەسەن

©Kurdistan Net

خۆیشی ئەوەی دووپات کردەوە. ئەم ڕوونکردنەوەیە (ماستاو ساردکردنەوە) یە یان ئەوەی کاك عەباس پڕوپاگەندەی بە مەبەست؟!!

بۆیە لای ئێمە بەرگریکردن لە کەسەکان بایەخی پلە یەکی نییە، ئێمە نە ناوەندێکی زۆرانبازیمان دانەناوە و نە ناوەندێکی خێڵەکیش. ئەوەی لای ئێمە گرنگە بەرگریکردنە لە ناوەند و بەرنامەکەی و لەوێشەوە بەرگریکردن لە ئازادی دەربڕینی بیروڕا و بەردەوامی دیالۆگ و خزمەت بە ڕۆشنبیریی پێشکەوتنخوازی کوردی.

هەر لەسەر ئەم بناغەیەش ئێمە بە مافی خۆمانی دادەنێین لە بابەتە چارەنووسسازەکاندا هەڵوێستی سەربەخۆ و تایبەتی خۆمان هەبێت، لەو بارەشدا بە ڕاگەیاندنی ڕەسمی بڵاوی دەکەینەوە.

کاك عەباس نووسیویەتی: لەپشت پەردەوە هەر ئەو نوێنەرە ئامادەی هاوکاری هەمەلایەنەی بۆ ناوەند خستە بەردەم سەرۆکی ڕێکخراوەکە!

کاك عەباس پێی وایە بابەتێکی زۆر گرنگ و سەرنجڕاکێشی باسکردووە!!! خۆشبەختانە بە هۆی هەڵوێستی سەربەخۆی ناوەندەوە و بەو هۆیەشەوە کە بەشێك لە نوێنەرانی حیزبەکان کەسانی ڕۆشنبیرن، تا ئێستا نەك هەر پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵکو زۆر لە حیزب و ڕێکخراوەکانی تریش لە فنلەند ئامادەیی هاوکاریی هەمەلایەنەی خۆیانیان بۆ ناوەند پیشانداوە. هەر بۆ زانینیش، بەرپرسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بەر پرسی حیزبی شیوعی عێراقی کە یەکەمیان شاعیر و دووەمیان نووسەرە، لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری (ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردی) ن. برای شاعیر مەهدی خالید غەمباریش کە نوینەری (یەکێتی) یە لە فنلەند هاوکاریی زۆری کردین لە چالاکییەکانی یادی ئەنفالدا.

بە جیا لەمانەش ئەوەی کە کاك عەباس باسی نەکردووە و ئێمە لە دێڕی یەکەمی بانگەوازەکەماندا نووسیبوومان ئەوەیە کە: ئەم چالاکییانەی ئێمە لە درێژەی چالاکییەکانی کەمپینی جیهانیی هەڵەبجە و ئەنفال بوون. یەکێك لە بنەما جێگیرەکانی ئەم کەمپینەش دژایەتی نەکردنی هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی کوردستانی و بەرهەڵستکارە، لەپێناوی یەك هەڵوێستیی گەلی کورد دژ بە کارەساتەکانی هەڵەبجە و ئەنفال و پاکتاوکردنی ڕەگەزی کورد.

دیسان بە کاك عەباس دەڵێین: چاکتر وا نەبوو کە بەڕێزت لە جیاتی بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی ژاراوی و دژایەتی ناوەند لە پێش کۆنگرەی دامەزراندنەوە، هەڵوێستێکی ڕۆشبیرانەت هەبووایە و لە گەڵ ئێمە بەشداریت لە دانانی نەخشەکان بکردایە. بۆچی دەبێت ئێمە بۆ هەوڵی ڕووخان وا ئازا بین، بەڵام لە کاتی دروستکردندا سەری خۆمان بخەینە ژێر خۆڵەوە؟

لەکاتێکدا کە بەداخەوە تا ئێستا سەندیکا و یەکێتییەکانی هونەرمەندان و نووسەران و.........تاد لەناوخۆی کوردستاندا یەك نەخراون، ئێمە لێرە لە دەرەوەی وڵات ئەم هەنگاوە گرنگەمان ناو بۆ یەکەمجار لەم وڵاتەدا ناوەندێکی ڕۆشنبیریی کوردیی پێشکەوتنخواز و سەربەخۆی لەم جۆرەمان دامەزراند، کە ڕۆشنبیرانی گشت

©KurdistanNet

پارچەکانی کوردستانی گرتووەتە خۆی و تەنانەت ڕۆشنبیرانێك کە کوردیش نین داوای ئەندامێتی دەکەن و ئەندامێتی لەم ناوەندەدا بە شانازی دادەنێن. ئەمەش بۆ خۆی بایەخێکی ڕۆشنبیریی مێژوویی گرنگی هەیە.

کاك عەباس لە ڕاپۆرتەکەیدا ئەم وشانەی بۆ چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی ناوەند بەکارهێناوە(هەڵ قۆزتنەوە ، خۆی خزاندە ناو هێڵەوە ، بۆڵەبۆڵ ، فسکە فسك ، کاتدزین ، پۆلیسئاسایانە ، ماستاوی سارد دەکردەوە)..........ئێمە بۆ ئەم وشانە وەڵاممان نییە.

لەسەر ئەم بناغانە ئێمە ئاشکرای دەکەین ئەم جۆرە ڕاپۆرتانەی عەباس شوان دوورن لە ئەرکی ڕۆژنامەگەری و ناکرێت وەك سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو سوودیان لێببینرێت.

هەر لەم بووارەشدا ڕەخنەیەکی دۆستانە لە سایتی کوردستاننێت دەگرین. (ڕاگەیاندنی ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردی) لە ڕۆژی ١٨,٤,٢٠٠٢ دا، واتە دوو ڕۆژ پێش بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکەی عەباس شوان، ڕاپۆرتی خۆی لەسەر چالاکییەکانی یادی ئەنفال بۆ کوردستاننێت نارد. بەڵام بە داخەوە، ئەم سایتە ڕاپۆرتەکەی ئێمەی فەرامۆش کرد و دوواتر لەجیاتی ئەوە، ڕاپۆرتە پڕ لە تۆمەتەکەی عەباس شوانی بڵاوکردەوە. لێرەدا جێی خۆیەتی بپرسین، لەکاتێکدا ئێمەسەرچاوەی سەرەکین و ڕاپۆرتی ڕەسمیی خۆمان ناردووە، لەکاتێکدا ئێمە وەك خێرایی ڕۆژنامەگەریش(ÍÝÎ ÕáÇ ÍÐáÇ) لەپێشدا بووینە، ئەم ڕەفتارەی کوردستاننێت چی دەگەیەنێت؟

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئێمە لە ڕوانگەی هەستکردن بە بەرپرسییەوە ئەم بابەتە دادەخەین و بە کردەوەش ئەم هەڵوێستە دەسەلمێنین و بە کاك عەباس دەڵێین: ئەوە دەستمان، دەستت بێنە و با پێکەوە خزمەت بە ڕۆشنبیریی پێشکەوتنخوازی کوردی بکەین.

سەرکەوتوو بێت بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی ڕۆشنبیریی کوردی.

تێبینی:

- هەموو ئەو نووسینانەی بە خەتی شین نووسراون، لە ڕاپۆرتەکەی (عەباس شوان)ەوە وەرگیراون و دەقاودەق نووسراونەتەوە.
- لە ڕۆژی ٢٢,٤,٢٠٠٢ ڕاپۆرتەکەی ئێمە لە ماڵپەڕی هەڵەبجەدا بڵاوکرایەوە، سوپاسیان دەکەین.

ڕاگەیاندنی ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردی/ فنلەند nauand@hotmail.com

٢٥,٤,٢٠٠٢

وەڵامێکی کورتی کوردستان نێت تکایە کلیکی ئێرەبکە

©Kurdistan Net